حەماس: ئامادەین هەمو بارمتە ئیسرائیلییەکان ئازادبکەین

بزووتنەوەی حەماس وەڵامی پێشنیازی دۆناڵد ترەمپ، سەرکی ئەمریکای دایەو و ئامادەیی خۆی بۆ ئازادکردنی هەموو بارمتەکان لە بەرامبەر کشانەوەی تەواوەتیی سوپای ئیسرائیل لە کەرتی غەززە دەربڕی.

لە راگەیەندراوەکەدا، کە ئەمشەو هەینی بڵاوکرایەو، حەماس دەڵێت، لێپێناو راگرتنی "دەستدرێژی و شەڕی جینۆسایدی" ئیسرائیل دژی خەڵکی غەززە و "لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتیی نیشتمانی"، وەڵامی پێشنیازەکەی داوەتەو.

حەماس "سوپاس و پێزانینی" خۆی بۆ هەوڵە عەرەبی، ئیسلامی و نێودەوڵەتییەکان و هەوڵەکانی ترەمپ بۆ راگرتنی شەڕ و ئاوگەڵی بارمتە و بەندکراوان دەربڕیوە.

گرنگترین خاڵەکانی وەڵامەکەی حەماس:

یەکەم: ئازادکردنی بارمتەکان

بزووتنەوەکە "ڕەزامەندی دەردەبڕێت لەسەر ئازادکردنی هەموو دیلەکانی ئیسرائیل، زیندوو و تەرمەکان، بەپێی ئەو شێوازی ئاڵوگۆڕە کە لە پێشنیازەکەی سەرۆک ترەمپدا هاتووە." حەماس جەختی کردووەتەوە کە ئامادەیە دەستبەجێ لە ڕێگەی نێوەندگیرەکانەوە بچێتە دانوستاندن بۆ تاوتوێکردنی وردەکارییەکانی ئەو ڕێککەوتنە.

دووەم: بەڕێوەبردنی کەرتی غەزە

سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کەرتی غەزە، حەماس دووپاتی دەکاتەوە کە "ڕازییە لەسەر ڕادەستکردنی بەڕێوەبردنی کەرتی غەزە بە دەستێکی فەلەستینیی سەربەخۆی تەکنەکرات، لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی نیشتمانیی فەلەستینی و بە پشتیوانیی عەرەبی و ئیسلامی."

سێیەم: داهاتووی غەزە و مافەکانی فەلەستینییەکان

لەبارەی پرسەکانی دیکەی تایبەت بە داهاتووی کەرتی غەزە و مافەکانی گەلی فەلەستین کە لە پێشنیازەکەی ترەمپدا هاتوون، حەماس دەڵێت، "ئەمە پێویستە بە هەوڵستێکی نیشتمانیی گشتگیر و بە پشتبەستن بە یاسا و بڕیارە نێودەوڵەتییە پێویستەکان، کە لە چوارچێوەیەکی نیشتمانیی فەلەستینیی گشتگیردا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ و حەماسیش بە بەرپرسیارێتییەوە بەشدار دەبێت تێیدا."